# بۆچی تورکیا لە قەیرانی کەنداو لای قەتەری گرتووە؟

قەتەر سەرمایەگوزارییەکی زۆری لە تورکیا کردووە و ئامادەشە زیاتر سەرمایەگوزاری بکات، پەیوەندی نێوان دەوحە و قەتەر تەنها لەبەر سەرمایە گوزاری ئابووری نییە و تورکیا و قەتەر لەبارەی سوریا و میسرو دیدی سیاسی بۆچوونی هاوشێوەیان هەیە. تورکیا بە ناردنی هێزی سەربازی بۆ قەتەر پەیامێکی نەتەنها بۆ سعودیە و ئیمارات نارد بەڵکوو بۆ هەموونەیارانی قەتەری نارد کە قەتەربە تەنیا نییە و نابێت گوشار بخرێتە سەر قەتەر. هەرچەندە لەگەڵ سعودیە پەیوەندییەکانی باشە بەڵام هاوکات پشتگیری لە قەتەریش دەکات و دەیەوێت بە ڕیاز بڵێ کە دەوحە بە تەنیا نییە. رادیۆ دۆیچە ڤێلەی ئەڵمانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سەرحت ئیرکمان، مامۆستای زانکۆی

FOCUS

تورکیا کردووە کە لێرەدا بە کورتی دەخرێتە ڕوو:

- بەپێی چاودێرانی سیاسی و شرۆڤەکارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وڵاتانی ئیمارات و سعودیە و میسر هەمیشە دەیانەوێت دۆخی کەنداو وەك خۆی بمێنێتەوە و دۆخەکەوە وەك خۆی جێگیر بێت و نەگۆڕدرێت، بەڵام لەبەرامبەردا ئێران و قەتەر وتارادەیەکیش تورکیا ڕازین کە وەزعی ناوچەکە گۆڕانی بەسەر دا بێت و ئەوسێ وڵاتە دەیانەوێت هێزەکان بە خۆیان دا بچنەوە. ئایا بە ڕای جەنابتان دۆستایەتی دووبارە لەنێوان ئەنقەرە و دەوحە لەدوای قەیرانەکانی کەنداو لەبەر ئەوەیە دۆخەکە بگۆڕدرێت یان وەك خۆی بمێنێتەوە یان بەجۆرێك هێزی جێگیر لەبەرامبەر هێزی ناجێگر دەوەستێتەوە.

- سەرحت ئیرکمان : بەڵێ، لـەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی هاوسەنگی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەماوە و ئێمە شاهیدی چەندین جەنگی ناوخۆیین لە وڵاتانی ناوچەکە و هەموو ئەو شەڕ ناوخۆییانەکانە کۆتایی نەهاتووە و بەشێوەیەك لە شێوەکان هێزەکانی ناوچەکە خوازیاری ئەو شەڕانە بوون. سعودیە و ئێران ئەوەی کە لەناوچەکە دەیانویست بە دەستی بهێنن نەیانتوانیوە بەدەستی بهێنن. سەیر کە سوریا وێران و کاول بووە. تۆ بڕوانە ئەگەر بتەوێت سەیری هێزەکانی ناوچەکە بکەیت بۆت دەردەکەوێت کە هیچ یەك لە هێزەکانی ناوچەکە و هەروەها ئەو وڵاتانەی کە تووشی شەڕی ناوخۆ بوون ناتوانن سەرکەوتنی خۆیان ڕابگەیەنن و بڵێن کە ئەوان لەشەڕدا براوە بوون. هەروەك چۆن لە ناوچەکەدا ململانێ هەیە و هاوکات تەرازووی هێز لاسەنگ بووە، ئاواش تێچووی شەڕ و تیچووی ئابوری و سیاسی بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە زیادی کردووە و بۆ ئاستی زۆر بەرزبۆتەوە. دۆخەکە وای لێهاتووە کە وڵاتەکان دەتوانن تا ئەو ئاستە بڕۆنە پێشەوە کە لەدژی یەکتر شەڕ ڕابگەیەنن یان سەبارەت بە ناوچەیەکی کێشەلەسەر ڕێگای ئاشتی بدۆزنەوە. بەڵام بەڕاستی هیچ یەك لەهێزەکانی ناوچەکە یان باشتر بڵێن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن، هەربۆیە ناچارن بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن یان لە کێشەکان دەربازیان بێت پەنا دەبەن بۆ وڵاتانی زلهێزی وەك ئەمرکا و ڕووسیا وهەندێك وڵاتی بەهێزی ئەورویی. هەربۆیە هەم وڵاتانی ناوچەکە و هەم وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە بەشدارن لە شەڕی هێز و دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر بۆیە پێموایە دەبێت بە جۆرێك سەیر قەتەربکەین چونکە لێرەدا بە تەنها قەتەر کێشە نییە، بەڵکو کێشەکە لەو گەورەترە.

**بژاری یەکەم ئەوەیە کە قەتەر بۆ ئەوەی لەو دۆخە ڕزگار بێت دەبێت هەموو مەرجەکانی سعودیە و ئیمارات و میسر و بەحرەین قبوڵ بکات کە گرنگترین داوای سعودیە و هاوپەیمانەکەی ئەوەیە کە قەتەر دەبێت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران بچڕێنێت**

- پەیوەندییەکانی نێوان قەتەرو تورکیا لە 10 ساڵی ڕابردوو زۆر لە ئاستێکی باشدا بووە و هەردوو وڵاتەکە سەرمایەگوزاری هاوبەشیان هەیووە ولەبواری سەربازیش ڕێککەوتنیان واژۆ کردووە، ئایا پێت وا نییە تورکیا کە هاوڕێ و دۆستێکی قەتەرە تەنها لەبەر دۆستایەتی و هاوڕێیەتی پشتیوانی لە قەتەر دەکات یان ئەنقەرە مەبەستێکی سیاسی هەیە لەو پشتگیرییە؟

- سەرحت ئیرکمان: ئەگەرچی پەیوەندی دۆستانەی نێوان دەوحـە و ئەنقەرە شتێکی ئاشکرایە، بـەڵام کە سەیری سەرمایەگوزاری ڕاستەخۆی بیانی لە تورکیا دەکەی دەبینی کە ئیمارات زۆرترین پشکی لەچاو وڵاتانی ناوچەکە لە

تورکیا هەیە، لەئێستادا تورکیا لەدژی ئیمارات وەستاوە و هاوکات ئیمارات هاوپەیمانی سعودیە و پەیوەندی نێوان سعودیە و ئەنقەرەش هەیە، ئەوەی لێرەدا پێویستەئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە قەتەر زۆر لە ئیمارات زیاتر لە تورکیا سەرمایەگوزاری کردووە و هاوکات قەتەر توانای زیاتری هەیە کە سەرمایەگوزاری زیاتریش بکات، بەڵام ئەو پشتگیرییە تورکیا لە قەتەر تەنها لەبەر ئابووری و سەرمایەگوزارییەکانی قەتەرلە تورکیا نییە بەڵکوو دەبێت سەیری هەڵوێستی سیاسی تورکیا و قەتەر سەبارەت بە سوریا بکەین، هاوکاری قەتەرو تورکیا سەبارەت بە سوریا، ئەمە لە کاتێکدا هەردوو وڵات سەبارەت بە بارودۆخی میسر لە دوای کودەتاکەی 2013، پشتگیری و پشتیوانی هەردوو وڵات سەبارەت بە دۆخەکە زیاتر سیاسییە لەوەی کە ئابووری بێت، هەرچەند ئابوورییەکەش زۆر گرنگە. هەرکاتێك پێی بابەتە ناوچەکەییەکان هاتە گۆڕێ دەبێت سەیری ئەوە بکەن کە ئەگەر قەتەر لە بابەتەکان بخرێتە دەرەوە ئەوە ئەو کات تورکیاش دەکەوێتە پەراوێزەوە هەر بۆیە تورکیا بە هیچ شێوەیەك نایەوێت قەتەر لەدەست بدات.

- تا ئەمدوایانە کێشەکانی نێوان قەتەر و سعودیە و هاوپەیمانەکانی و جیاوازییە سیاسییەکانی کەنداو بۆ چاودێرێکی سیاسی تورك زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێش نەبووە پێت وایە ئەمە ئەم قەیرانە چ کاریگەرییەکی لەسەر تورکیا دەبێت؟ سەرحت ئیرکمان: تێگەیشتن لە ناوچەی کەنداو لەتورکیا هەمیشە بە یەك شێوە و یەکپارچە بووە، بەڵام بە هۆی ئەو کێشەکانی ئەمدوایانە پێموانیە ئیتر وەك ڕابردوو مەسەلەکە سادە و ساکار بێت .

- پێت وانییە تورکیا بە ڕەوانەکردنی هێزی سەربازی بۆ قەتەر ( ساڵی 2014 ڕێککەوتنێکی سەربازی لەنێوان تورکیا و قەتەر واژە کرا کە بە پێی ئەو ڕێککەوتنە تورکیا مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بە سەربازانی قەتەری دەکات) ئایا بە ڕای تۆ ناردنی هێزی سەربازی بۆ قەتەر لەلایەن تورکیا پەیامێکی جەنگیی نییە بۆ سعودیە و ئیمارات لەلایەن ئەنقەرەوە؟

- سەرحت ئیرکمان: تورکیا نە تەنها پەیام بۆ سعودیە و ئیمارات دەنێرێت بەڵکوو لەبەرامبەر هەموو وڵاتانی ناوچەکە کە دژی قەتەر هێزی بازووی خۆی نیشان دەدات و هێزی سەربازی خۆی بە ڕووی ئەواندا نیشان دەدات. ڕێککەوتنە سەربازییەکەی نێوان تورکیا و قەتەر تەنها بۆ بواری مەشق و ڕاهێنانە بەڵام لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ئەم ڕێککەوتنە بە مانای پشتگیری و پشتیوانی کردنە لە قەتەر. من پێموایە ئەم پەیامە پەیامێکی ڕاشکاو و ڕۆشن و ئاشکرایەو تورکیا لەڕێگەی ئەو پەیامەوە دەیەوێت بڵێت: ئەگەر بتوانێت لەڕێگەی نا دیپلۆماسییەوە گوشار بخەنە سەر قەتەر، ئەوا قەتەر تەنیا نییە، من پێموایە هەموو لایەنەکانی تر لەو پەیامە تێدەگەن.

## قەتەر: سوپامان نەجووڵاندووە

قەتەر هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە کە گوایە هێزی سوپای جولێندرابێت و ڕایدەگەیەنێت هەرچەندە کێشەکان قوڵ بوونەتەوە، بەڵام هێزو سوپا نەجولێندراوە. محەمەد بن عەبدولڕەحمان وەزیــری دەرەوەی قەتەر هەموو ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە گوایە قەتەر هێزی لەسەر سنوری سعودیە جوڵاندبێت و وتیشی: بەهیچ شێوەیەك سوپا جووڵەی پێنەکراوە. وەزیری دەرەوەی قەتەر سەبارەت بە بارودۆخی وڵاتەکەی وتیشی: قەتەر تا ئێستا هەرگیز بەمشێوەیە نەبووە و نەیارەکانی زۆر بە توندی لەدژی قەتەر کەوتنە جووڵە.

سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆی قەتەرو بژیوی ژیانی خەڵك وتی: قەتەر هەمیشە دەتوانێت پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات و لەو بارەیەوە هیچ جۆرە نیگەرانییەك سەبارەت بە خۆراك و بژێوی خەڵك لە ئارادا نییەو وەك هەمیشە لە ڕێگای خۆیەوە هەموو ئەو شتانەی کە هاووڵاتیانی قەتەر پێویستیان پێی بێت دابین دەکەین و ڕێگە نادەین ژیانی خەڵك تێکچێت. وەزیری دەرەوەی قەتەر لە بارەی ڕەوانەکردنی هێزی تورکیا بۆ قەتەر وتی: بەڵێ ڕاستە هێزێکی سوپای تورکیا بە مەبەستی پاراستنی ناوچەکە گەیشتۆتە قەتەر. لە بارەی ئەوەی کە گوایە سعودیە و هاوپەیمانەکانی سکاڵاو داخوازییەکانی خۆیان سەبارەت بە قەتەر دەخەنەڕوو، وتی: تا ئەم ساتە وەختە ئێمە هیچ سکاڵا وداخوازییەکمان بە دەست نەگەیشتووە و نازانین کە ویست و داخوازییەکانی سعودیەو هاوپەیمانەکانین

چییە و ئێمە چاوەڕێی ویست و داخوازییەکانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی کە دواتر ئێمەش قسەی خۆمان دەبێت و هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیەنین. محەمەد بن عەبدولڕەحمان لە بارەی ئەگەری گۆڕانگاری لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی وتی: هیچ گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی دەرەوەی ئێمەدا ڕوودا نادات و ئێمە هەرگیز تەسلیم نابین و لەسەر مافەکانی خۆمان سازش ناکەین.

لە بارەی ڕێککەوتنە گازییەکەی کە لەگەڵ ئیمارات کراوە، وەزیری دەرەوەی قەتەر ڕایگەیاند: ئێمە ڕێککەوتنێکمان لەسەر گاز لەگەڵ ئیمارات واژۆ کردووە و پابەندی ڕێککەوتنامەکەی خۆمان دەبێت.

کام وڵات دەچێتە بەرەی قەتەرەوە؟

لە دوای پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان سعودیە و ئیمارات و چەند وڵاتێکی تری عەرەبی لەگەڵ قەتەر گرنگترین پرسیارێك کە دێتە گۆڕێ ئەمەیە ئایا ئەگەر جەنگی میدیایی کێشای بە جەنگی سەربازی ئەو کات کێ دەچێتە بەرەی قەتەرەوە؟

**بژاری یەکەم ئەوەیە کە قەتەر بۆ ئەوەی لەو دۆخە ڕزگار بێت دەبێت هەموو مەرجەکانی سعودیە و ئیمارات و میسر و بەحرەین قبوڵ بکات کە گرنگترین داوای سعودیە و هاوپەیمانەکەی ئەوەیە کە قەتەر دەبێت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران بچڕێنێت**

## جەنگی سەربازی مەحاڵ نییە

هەرچەندە دۆخەکە دۆخێکی نائارامە و میدیاش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاگری ناکۆکییەکان خۆش دەکات، بەڵام سەرهەڵدانی شـەڕی سەربازیش بە دوور نییە و پێدەچێت شەڕیش سەرهەڵبدات لەبەر چەند هۆیەك».

یەکەم: جەنگی «خفوس» لە نێوان سعودیە و قەتەر لەساڵی 1992 کە بەهۆی ناکۆکی لەسەر سنوور لەنێوان هەردوو وڵات ڕوویدا و سەربازانی سعودی هەڵیانکوتایە سەر پاسەوانی سنووری قەتەر و لەو شەڕوپێکدادانەدا ئەفسەرێکی سعودی و دوو سەربازی قەتەری کوژران.

دووەم: هەوڵە سەرکەوتووانەی کودەتای سپی بە سەرکردایەتی شێخ حەمەد بن خەلیفە شازادەی جێنیشینی ئەو کاتی قەتەر لە دژی باوکی. باوکی حەمەد ئەو کاتە بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتبووە قاهیرەی پایتەختی میسر، بەڵام حەمەدی کوڕی کودەتای لە باوکی کردو باوکی لەدەسەڵات دوور خستەوە و بەمجۆرە حەمەد لە ساڵی 1995 دەسـەڵاتـی قەتەری گرتەدەست. کودەتاکەی شێخ حەمەد بە پشتیوانی ئەمەریکا کراو واشنتۆن پشتگیری لە شێخ حەمەد کردو حکومەتەکەی بەڕەسمی ناسی، ئەمە نیگەرانی وڵاتانی عەرەبی کەنداوی لێکەوتەوە.

سێهەم: دەستێوەرانی سەربازی سعودیە و ئیمارات و بەحرین و میسر لە مانگی شوبای 1996 لە دژی شێخ حەمەدو ڕووخانی حکومەتەکەی و گەڕانەوەی باوکی شێخ حەمەد بۆ دەسەڵات سەری نەگرت و هەوڵەکە شکستی هێنا. ئەو هەوڵە هەرچەند سەری نەگرت و هەرەسیهێنا، بەڵام ناکۆکی لە پەیوەندییەکانی نێوان قەتەر و سعودیە لێکەوتەوە، سەلمان بن عەبدولعەزیز کە لە ئێستادا پاشای سعودیە خۆی و براکەی ئەمیر سوڵتان کە ئەو وڵات وەزیری بەرگری سعودیە بوون لەلایەن قەتەرەوە تۆمەتبار کران کە ئەوان پلانی کودەتایان لە دژی شێخ حەمەد میری قەتەر داڕشتووە.

## قەیرانی نێوان سعودیە و قەتەر کۆنترۆڵ ناکرێت

ساڵی 2014 جارێکی تر پەیوەندییەکانی نێوانی قەتەر و سعودیە و چەند وڵاتێکی عەرەبی گرژی تێکەوت و دواتر چەند ناوبژیوان کەوتەنێوان و کێشەکان چارەسەر کران، بەڵام لەئێستا هیچ ناوبژیوان و واسیتەیەك نییە کە بکەوێتە نێوان و ئاوێك بەو ئاگرەدا بکات. تەنانەت ناوی کوەیت کە وەك کۆتری ئاشتی ناوبانگی دەرکرد و ئەمیری ئەو وڵاتە شێخ سەباح شێخ ئەحمەد بۆ ناوبژیوانی دەنگی نایە. لەوانەیە میری کوەیت لەوەی کە هەموو جارێ ئەو ڕۆڵە ببینێت ماندوو بوبێت و لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان کوەیت و سعودیەش ئەو پەیوەندییەی جاران نییە و لەسەر سکەی خۆی ناڕوات. یەکێك لەهۆکارانەی کە کوەیت لە سعودیە ناڕازییە ئەوەیە کە کوەیت ڕەخنەی لە سیاسەتی توندی سعودیە لەدژی ئێران هەیە و لەلایەکی تریشەوە کوەیت و سعودیە لەسەر کێڵگەی نەوت و گاز کێشەی سنوورییان هەیە.

لە ئێستادا پێدەچێت قەتەر بۆ دەربازبوون لەو دۆخە خراپ و لەو قەیرانەی کە تێدەکەوێت و بۆئەوەی بارودۆخەکە بەرەو خراپتری زیاتر نەڕوات ئەو سێ بژاردەیەی لەبەردەم دایە:

یەکەم: بژاری یەکەم ئەوەیە کە قەتەر بۆ ئەوەی لەو دۆخە ڕزگار بێت دەبێت هەموو مەرجەکانی سعودیە و ئیمارات و میسر و بەحرەین قبوڵ بکات کە گرنگترین داوای سعودیە و هاوپەیمانەکەی ئەوەیە کە قەتەر دەبێت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران بچڕێنێت. لەلایەکی ترەوە قەتەر پشت بکاتە بزوتنەوەی ئیخوان. لەلایەکی ترەوە قەتەر دەبێت لە قۆناغەکانی تردا هەموو گەورە بەرپرسانی بزوتنەوەی حەماس لەوانە خالید مەشعەل، موسا ئەبو مەرزوق، محەمەد نزال، عزەت ئەلرشق و چەند کەسێکی تر لە دەوحە دەربکات و دەست لە پشتگیری ماددی و مەعنەوی لە حەماس هەڵگرێت.

دووەم: قەتەر پەیوەست بێت بە میحوەر ئێران - عیراق- سوریا، قەتەر ئەگەر بچێت ئەو بەرەیە دەبنە چوار وڵات و ئەو چوار وڵاتە لە بەرامبەر چوار وڵاتەکەی تر سعودیە، ئیمارات، بەحرەین و میسر دەوەستنەوە و لێرەشدا پێدەچێت وڵاتی تورکیا ڕۆڵێکی گرنگ بگێرێت، بە تایبەتی ئەوەی کە قەتەر و تورکیا ڕێککەوتنی سەربازی و بەرگرییان لەنێواندایە و تورکیا هاوکات بنکەیەکی سەربازی لە قەتەر هەیە.

## ئەردۆگان دەیەوێت چی بکات؟

دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا لە حکومەتەکەی دۆناڵد ترەمپ ناڕازییە، چونکە هەست دەکات لەلایەن ئەمریکاوە سووکایەتی پێکراوە ئەو کاتەی کە داوای کرد، کە فەتحوڵڵا گولەن سەرۆکی بزوتنەوەی خزمەت کە تورکیا تۆمەتباری دەکات کە کودەتاکەی 15 تەمموزی 2016 لەژێر سەری گولەندا بووەو هاوکاتیش گولەن ئەو تۆمەت ڕەتدەکاتەوە. ئەردۆگان لەوە لە ترەمپ ناڕازی و تورەیە کە بۆچی ترەمپ هاوپەیمانی کوردەکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان لەبری هاوپەیمانی تورکیا قەبوڵ کرد و تورکیا کە ساڵانێکە هاوپەیمانی ئەمریکایە لەلایەن ترەمپەوە گرنگی پێنادرێت و گرنگی بە کوردانی ڕۆژئاوا دەدات. پێدەچێت و بەدووریش نییە ئەردۆگان ئەو کارە بکات کە سیاسەتی خۆی لە سوریا بگۆڕێت و کارێك بکات کە زیاتر قەتەر بۆ لای تورکیا ڕابکێشێت و لە ئەنقەرەی نزیکتر بکاتەوە.

سێیەم: بژاردەی سێیەم ئەوەیە کە میری قەتەر بە بڕی 200 ملیار دۆلار یان زیاتر بەرەو واشنتۆن بکەوێتە ڕێ و ئەو پارەیە بدات بە ترەمپ هەروەك چۆن محەمەد بن سەلمان شازادەی جێنیشین لە سعودیە ئەو کارەی کرد، هەمان ئەو کارەی کرد کە ترەمپ دەیویست، چونکە پێشتر ترەمپ ڕایگەیاندبوو کە وڵاتانی کەنداو بۆ ئەوەی لە لایەن ئەمریکاوە بپارێزێن دەبێت بەهایەکی زۆر بدەن بە ئەمریکا و شازادەی سعودیە ئەو کارەی کرد و دەبێت میری قەتەریش هەمان سیاسەت بکات و ئەو بڕە پارە بدات بە سەرۆکی ئەمریکا، یان بە شێوەیەکی تر بۆ کڕینی چەك یان ئەوەی کە دەبێت پارەیەکی زۆر لە ئەمریکا لەبواری سەرمایەگوزاری بخاتەگەڕ. هێشتا ڕوون نییە کە حکومەتی قەتەر کامێك لەو بژارەیانە هەڵدەبژێت، بەڵام بە ڕای چاودێرانی سیاسی و شرۆڤەکارانی کاروباری ناوچەکە

دەبێت قەتەر لە کۆتاییدا یەکێك لەو سێ ڕێگەیە هەڵبژێت بۆ ئەوەی لەو قەیرانەی کە تێکەوتووە دەربازی بێت و ڕزگاری بێت.

## پشتریش قەتەر لە ئەمریکا نارازی بووە

دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لە مانگی ئابی ساڵی 2013 جێرمی شابێرۆ سەرۆکی یەکەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە گۆڤاری فارین پالیسی وتارێکی بڵاوکردەوە و نارەزایەتی خۆی لە سیاسەتی قەتەر بە تایبەتی لەبواری پشتگیری لە تیرۆریزم و گروپە تیرۆریستییەمان دەربڕی و داوای لە واشنتۆن کرد کە سزای قەتەر بدات.

## دەبێت چەندین لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە بکرێت لەمانە:

هەڵدانەوەی دۆسیی مووچەی فەرمانبەرانی دەرەکی لە قەتەر و پرۆژەکانی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەچوونی مونديالی 2022 لە قەتەر کە دەرکەوتووە پارەیەکی زۆری وەك بەرتیل لەلایەن قەتەر دراوە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان. هەڵدانەوەی دۆسییە پشتگیری قەتەرلە گروپە تیرۆریستییەکانی وەك قاعیدە و بەرەی نوسرە کە بە وتەی بەرپرسانی ئەمریکایی بەڵگەیەکی زۆر لەبەردەستدایە کە قەتەر پشتگیریی لەو گرووپانە دەکات و ڕۆژنامەکانی وەك نیویۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست لەوبارەیەوە چەندین بەڵگە و بابەت و ڕاپۆرتیان بڵاوکردەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بڕوات و بگاتە ئاستی شەڕکردن، ئایا تورکیا و ئێران ئامادەن بۆ بەرگری سەربازی لە قەتەر بچنە ناو گۆڕپانی شەڕەوە؟

## پاشای سعودیە کوڕەکەی دەکات بە جێگری خۆی

سەلمان بن عەبدولعەزیز پاشای سعودیە بە مەبەستی فەراهەمکردنی زەمینەی لەبار بۆ گەیشتنی کوڕەکەی بە کۆرسی پاشایەتی هەندێك لە دەسەڵاتەکانی شازادەی جێنیشینی کەم کردۆتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی ڕەسمی سعودیە سەلمان بن عەبدولعەزیر لەبڕیارێکی پاشایەتیدا فەرمانی چەندین گۆڕانگاریی لە وڵاتدا کردووە. یەکێك لەو گۆڕانکارییانە ئەوەیە کە پاشای سعودیە بۆ ئەوەی زەمینەی لەبار بڕەخسێنێت بۆ تا لە داهاتوودا کوڕەکەی جێگەی بگرێتەوە زۆربەی دەسەڵاتەکانی شازادەی جێنیشین محەمەد بن نایف-ی کەم کردۆتەوە. لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز سیناریۆکانی مەلەك سەلمان خستۆتەڕوو کە دەیەوێت بە چ جۆرێك کوڕەکەی بکات بە پاشای سعودیە و هەموو ئەگەرەکانیش بۆ ئەوە دەبن کە پێش بینی بکرێن.

## بۆچی ئەمەریکا مەیلی نییە قەیرانی قەتەر چارەسەر بکات؟

پێدەچێت واشنتۆن حەزی لەوە بێت کە قەیرانەکەی نێوان قەتەرو سعودیە و هاوپەیمانەکانی هەروا بەردەوام بێت

> پێدەچێت واشنتۆن حەزی لەوە بێت کە قەیرانەکەی نێوان قەتەرو سعودیە و هاوپەیمانەکانی هەروا بەردەوام بێت و تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە نەناوە، هاوکات واشنتۆن نیشانی داوە لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو گرنگی بەو وڵاتانە دەدات کە گرێبەستی ئابوری و بازرگانیان لەگەڵ ئەمەریکا هەیە
> ”

و تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە نەناو، هاوکات واشنتۆن نیشانی داوە لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو گرنگی بەو وڵاتانە دەدات کە گرێبەستی ئابوری و بازرگانیان لەگەڵ ئەمەریکا هەیە. هەر ئەمەش وای کردووە کە بە ڕای چاودێرانی سیاسی لەئێستادا ئەمریکا حەز ناکات قەیرانی کەنداو و کێشەی نێوان قەر و سعودیە و هاوپەیمانەکانی چارەسەر بێت یان لانیکەم خۆی چارەسەری بکات. هەرچەندە تا ئێستا ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی و کرداری بۆ چارەسەری قەیرانەکە نەناوە و تەنها پشتگیری لە سعودیە و هاوپەیمانەکانی دەکات و لەلایەکی تریشەوە هۆشداری دەداتە قەتەر کە دەست لە پشتیوانی وپشتگیری تیرۆریزم هەڵگرێت.

هاوکات ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك كۆماری توركیا هیوای ئەوە دەخوازێت بە زووترین کات قەیرانەکە بەرەو چارەسەر بڕوات هەرچەند ئەو هیوایەی ئەردۆگان پێناچێت هیچی لێ سەوز و شین بێت و سعودیەش بزمارێکی لە دەرختی ئاوات و هیوای تورکیا داکوتا و داخوازییەکەی تورکیا بۆ دامەرزاندن و دروستکردنی بنکەیەکی سەربازی لەناو خاکی سعودیەدا ڕەت کـردەوە و هەموو ریسەکەی ئەنقەرەی کـردەوە بە خوری. هەرچەند تورکیا هەوڵیدا کە سعودیە تێگەیەنێت کە جێگیرکردنی هێزی سەربازی لە ناو خاکی قەتەر شتێکی ئاساییە و سعودیەش ڕێگە بدات بۆ ئەوەی تورکیا بنکەیەکی سەربازی لەناو خاکی سعودیە بکاتەوە کە ئەمە لەلایەن بەرپرسانی سعودیەوە ڕەتکرایەوە و وەزیری دەرەوەی تورکیا کە سەردانی ریازیان کردبوو بە دەست بەتاڵی گەڕایەوە بۆ ئەنقەرە.

کێشەکانی کەنداو بەردەوامە و تورکیا بە پێی پێگە و جێگەی خۆی لەناوچەکە و بەپێی ئـەوەی کە هـاورێ و دۆستێکی نزیکی قەتەرە هەوڵەکانی بۆ ناوبژیوانی کردن بۆ ئاساییکردنی دۆخەکە خستەگەڕ بەڵام سەرکەوتوو نەبوو ئەوەش پاش ئەوە دێت کە سعودیە گرنگی بەو هەوڵانە نەداوە.

لەئێستاشدا هەر وەك دەبیندرێت ئەمریکا زۆر پێی خۆش نییە دۆخەکە ئارام بێتەوە و کێشەکان بەرەو چارەسەر بڕۆن، بەردەوامبوونی دۆخەکە لەگەڵ بەڵێنە ئابوورییەکانی ترەمپ سەبارەت بە دروستکردنی هەلی کار بۆ ئەمریکییەکان یەك دەگرێتەوە. ئەمریکییەکان لەئێستادا لەکەنداو بە شوێن گرێبەستی بازرگانی و سەربازی و ئابوورین. ئەمریکییەکان هەنووکە لە کەنداو کات دەکوژن و جار جارە تۆمەتی تیرۆر دەخەن پاڵ وڵاتێك و دوای ماوەیەك بێدەنگی لێڕادەکەن بۆ نموونە سەرەتا دەناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا قەتەری بە پشتیوانی و پشتگیری لە تیرۆر و دابینکردنی سەرچاوەی دارایـی بۆ گروپە تیرۆریستییەکان تۆمەتبار کرد و دواتر گەورەترین گرێبەستی سەربازی بۆ کڕینی فڕۆکەی جەنگی لەنێوان وەزیری بەرگری ئەمریکا و وەزیری بەرگری قەتەر واژۆ کرا و چەندین ملیار دۆلار چووە ناو گیرفانی بازرگانانی چەك و کەرەستەی سەربازی لە ئەمریکا. هێشتا چەند کاتژمێرێك لەقسەکانی ترەمپ لەدژی قەتەر نەگوزەرابوو کە دوو کەشتی جەنگی گەیشتە قەتەر و دوای چەند ڕۆژێك ئۆپەراسیۆن و مانۆڕێکی سەربازییان لە ناو سنوورە ئاوییەکانی قەتەر ئەنجامدا . هەندێك لە شرۆڤەکارانی سیاسی پێیانوایە ئەو هەنگاوەی ئەمریکا جۆرێ دڵنەوایی کردنی قەتەرە و واشنتۆن دەوێت کە قەتەر لەئەمریکا دڵنیا بێت.

ئەگەر سەیری هەڵسوکەوتی ئەمریکا لە ساڵانی ڕابـردوو بەرامبەر بە قەیرانەکانی ناوچەکە بکەیت بۆت دەردەکەوێت کە ئەمریکا لەئێستادا ڕازییە بەو وەزع و بارودۆخەی کە هاتۆتە گۆڕێ و بەجۆرێك لە جۆرەکان بەردەوامبوونی ئەو قەیرانە بۆ ئەمریکا بە سەدان ملیار دۆلار داهاتی هەیە، هەشە کە دەڵێت سعودیە خۆی دەستی لە تیرۆردا هەیە، ئەدی بۆ هەڕەشەکان لەسەر سعودیە چڕ نابێتەوە. هەندێگ لە شرۆڤەکارانی سیاسی پێیانوایە هەرچەند لەئێستادا سێبەری شەڕ لەسەر وڵاتانی کەنداو کەم بوەتەوە، بەڵام ئەمریکا بۆ فرۆشتنی چەکی زیاتر و واژۆکردنی گرێبەستی زیاتر هەوڵدەدات.

## حەماس : لەگەڵ قەتەر نابین

خەلیل حیە یەکێك لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی حەماس باس

لەوە دەکات کە ئەو بزوتنەوەیە لەگەڵ قەتەر نابێت چونکە ئەوان لە قەیرانی سوریا وانەیەکی باشیان وەرگرتووە و سوریا بۆ ئەوان بووە بە پەندێکی باش بۆ ئەوەی وانەی لێ فێر بن و هەڵەکانی ڕابردوویان دووبارە نەکەنەوە.

## قەیرانی قەتەر بە قازانجی حەماسە

لەلایەکی تـرەوە عەبدولباری عەتوان نووسەری نـاوداری عەرەب لەبارەی قەیرانی قەتەرەوە دەڵێت: قەیران لەناو وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی عەرەبی کەنداو پرسی فەلەستین بە لاڕێدا دەبات و نزیکی بزوتنەوەی حەماس و دحلان یەکێك لە سەرکردەکانی پێشووی ڕێکخراوی فەتح پردێك لە نێوان میسر و سعودیە و ئیمارات لەگەڵ غەززە دروست دەکات کە بە زیانی قەتەر دەشکێتەوە و بەمشێوە حەماس لەناو لیستی گروپە تیرۆریستییەکان دەردەچێت.

قەتەر: ئیمارات دەستی لە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەردا هەبووە

بەرپرسێکی قەتەری پەردە لە سەر تاوانێکی ئیمارات لەدژی ئەمریکا لادەدات و ئاماژە بـەوە دەکـات کە هەندێك لە ئەنجامدەرانی کردەوە تیرۆریستییەکانی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001 ئیماراتی بـوون نەك قەتەری. لەو بارەیەوە مەشعەل بن حەمد ئالی سانی باڵوێزی قەتەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو نهێنییەی ئاشکرا کرد کە ئیمارات دەستی هەبوو لە ڕووداوەکانی 11 ی سێپتەمبەری ساڵی 2001 و ژمارەیەك لە ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە ئیماراتی بوون.

مەشعەل بن حەمدئالی سانی وتی: هەندێك لەو کەسانەی کە لە ئەمریکا فڕۆکەیان ڕفاند و دواتـر کارەساتی 11ی سێپتەمبەریان خوڵقاند ئەوە ئیماراتی بوون نەك قەتەر. باڵوێزی قەتەر لە ئەمریکا وێڕای شەرمەزارکردن کردەوەکانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی بەرامبەر بە وڵاتەکەی وتی: ئەوەی سعودیە و هاوپەیمانەکانی لەدژی قەتەر دەکەین لەڕاستیدا ئامانجیان ئەوەیە کە زیان بە سەربەخۆیی قەتەر بگەیەنن.

## ئیمارات: قەتەر پەناگای تیرۆریستانە

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دۆخەکە لە ناوچەی کەنداو بەرەو خراپی دەڕوات و لایەنەکان بە توندترین شێوە هێرش دەکەنە سەر یەك، قەتەر ئیمارات بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەستی هەبووە لە تەقینەوەکانی 11 ی سێپتەمبەر، لای خۆشییەوە یوسف عەتیبە باڵوێزی ئیمارات لە ئەمریکا زۆر بە توندی هێرشی کردە قەتەر و ئەو وڵاتەی بە پەناگای تیرۆریستییەکان لەقەڵەم داوە.

ڕۆژنامەی وال ستریت ژۆرناڵ -ی ئەمریکی لە زاری یوسف عەتیبە باڵوێزی ئیمارات لە ئەمریکا بڵاویکردەوە کە قەتەر ساڵانێکە پشتیوانی لە گروپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان دەکات و پەنای داون ، بۆنموونە قەتەر تیرۆریستێکی ناوداری وەك خالد شێخ محەمەد پەنا دابوو لە کاتێکدا ئەو تیرۆریستە بە بە پلاندارێژەری کردەوە تیرۆریستییەکانی 11ی سێپتەمبەر لە قەڵەم دەرا.

باڵوێزی ئیمارات لە ئەمریکا وتی: ئێمە ئەو چەند وڵاتەکەی کە لەگەڵ قەتەر کێشەمان هەیە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پەنا بۆ چەك نابەین و بەکارهێنانی چەك لەدژی قەتەر لە بەرنامەی کاری ئێمەدا نییە و ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ویست و داخوازییەکانی خۆمان پێشکەشی ئەمریکا کردووە و من بۆخۆم لەم چەند ڕۆژەدا چوارجار لەگەڵ ژەنەراڵ جەیمز مەتیس وەزیری بەرگری ئەمریکا دانیشتووم و گفتوگۆمان کردووە و ڕاشمانگەیاندووە هەر کردەوەیەك بکەین لەبەرامبەر قەتەر پێشتر ئەمریکییەکان ئاگادار دەکەینەوە. ئەمە لە کاتێکدایە قەتەر هەموو هێزە سەربازییەکانی خۆی خستۆتە ئامادە باشییەوە و تورکیاش ژمارەیەك سەربازی ڕەوانـەی قەتەر کردووە و ئەنقەرە داوای کردووە کە دووەمین بنکەی سەربازی خۆی لە قەتەر بکاتەوە کە تا ئێستا بەرپرسانی قەتەری وەڵامی تورکیایان نەداوەتەوە.

## سەرچاوەکان:

دویچە ڤیلە، سایتی العالم اقتصاد نیوز، ئاریان نیوز، تەسنیم